# به پێوە نوێژ بکە، ئەگەر ناتوانیت ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدە، خۆ ئەگەر هەر ناتوانیت ئەوا بە پاڵکەوتنەوە نوێژ بکە

لە عیمران کوڕی حوصەینەوە دەڵێت: تووشی مایەسیری هاتبووم، پرسیارم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد دەربارەی نوێژکردن (بەم حاڵەتەوە)، فەرمووی: «بە پێوە نوێژ بکە، ئەگەر ناتوانیت ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدە، خۆ ئەگەر هەر ناتوانیت ئەوا بە پاڵکەوتنەوە نوێژ بکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئەسڵ لە نوێژکردن ئەوەیە بەپێوە ئەنجامبدرێت، مەگەر لەحاڵەتی بێ تواناییدا، ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی دەدات، وئەگەر بەم حاڵەتەوە نەتوانێت ئەوا بەپاڵکەوتنەوە نوێژ دەکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10951